# جەنگ، تەندروستی، و ئاوارەکان لە عێراق
# ڕاپۆرتی کۆبوونەوە
## پوختەی جێبەجێکاری

ڕۆژی 27 ی نیسانی 2017 ، 35 کەسی لایەنی  پەیوەندیدار، کۆبونەوەیەکیان لەپەیمانگەی توێژینەوەی هەرێمی و نێودەوڵەتی (IRIS) سەر بەزانکۆی ئەمەریکی عێراق - سلێمانی (AUIS) سازدا ، بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ چاودێریکردنی تەندروستیی پەنابەران و ئاوارەکانی ناوخۆ ، بەتایبەتی ئەوانەیان کە لەپارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (دهۆک، هەولێر، سلێمانی) نیشتەجێن .

کۆبونەوەکە جەختی لەسەر 2 بابەت کردەوە :

1- هێنان و بردنی نەخۆش و ئاسایشی بێهداشتی (الأمن الصحي)

2- بڕینی بودجەو کەمیی دەرمان

هێنان و بردنی نەخۆش و ئاسایشی بێهداشتی (الأمن الصحي)

لەساڵی 2014ەوە ، هێنان و بردنی نەخۆش زۆر سەخت بوە ، بەتایبەتی لەو پارێزگایانەوە کە بەسەختی کەوتونەتە ژێر کاریگەریی جەنگ ، بۆ ئەو پارێزگایانەی کە نەخۆشخانەی ئێمرجینسیی پێشکەوتویان تێدایە .

ئەو ڕێوشوێنانەی کە لەخاڵەکانی پشکنین دەگیرێنەبەر ، زۆربەیجار دەبنە بەربەست لەڕێی هێنان و بردنی نەخۆش لەپارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکیتر، بەتایبەتی نەخۆشە ئاوارە عەرەبە سوننەکان.

لەسەروەختی جەنگی بەری خۆرهەڵاتی موسڵدا ، هێنان و بردنی نەخۆش لەحاڵەتی نەخۆشییە کتوپڕەکاندا ( لەموسڵەوە بۆ نەخۆشخانەی ئێمرجینسی لەهەولێر) سێ بۆ چوار کاتژمێری دەخایاند.

ئەو نەخۆشانەی کە نەخۆشیی درێژخایەنیشیان هەیە (وەکو شێرپەنجە) ، بەهەمان شێوە ، چاوەڕوانییەکی زۆر دەکێشن بەدەست ڕێوشوێنە سەپێنراوەکانی خاڵەکانی پشکنینەوە ، هەرچەندە ئەم نەخۆشانە دەبێت بەڕێکوپێکی پابەندبن  بەخشتەی چارەسەرەوە ، ئەگینا زۆر بەئاسانی قۆناغی نەخۆشیەکەیان پەرەدەستێنێت (لەنەخۆشییەکەوە کە قابیلی چارەسەرە ، بۆ نەخۆشییەک کە قابیلی چارەسەرنییە).

بڕینی بودجەو کەمیی دەرمان

زۆرێک لەنەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان ، لەپێناوی دابینکردنی دەرمان و خزمەتگوزاری بۆ نەخۆشە زۆرەکانیان ، توشی گرفتی زۆر دەبن.

ساڵی 2014 ، حکومەتی ناوەندیی عێراق ، سەرلەبەری بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بڕی ، بەبودجەی وەزارەتی تەندروستی و نەخۆشخانەکانیشیەوە .

بەڵام ناردنی دەرمان لەبەغداوە بۆ هەرێمی کوردستان بەردەوام بو ، کەچی بەم دواییانە حکومەتی بەغداد ، ناردنی دەرمانیشی بەشێوەیەکی بەرچاو کەم کردەوە ، حاڵی حازر هەرێمی کوردستان ٪33ی ئەو بڕە دەرمانەی بۆ دابین دەکرێت کە دەبو بۆی دابین بکرێت ، وێڕای ئەوەی زیاد لەیەک  ملیۆن ئاوارەی ناوخۆی گرتۆتەخۆ کە لە پارێزگاکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی  ناوەندیی عێراقەوە رویان تێکردوە .

راسپاردە

1 - هێنان و بردنی نەخۆش : بەشداربوان جەختیان کردەوە کە دەبێت مافی سەرجەم نەخۆشەکان ، بەئاوارەکانیشەوە ، پارێزراوبێت بۆ پەڕینەوە لەبازگەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان ، بەمەبەستی گەیشتن بەنەخۆشخانەکان . بەشداربوانی کۆبونەوەکە پێشنیاریان کرد ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەر بۆ دروستکردنی هەماهەنگی لەنێوان (وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی تەندروستی) ی هەرێمی کوردستان ، بەمەبەستی دەستئاوەڵاکردنی ڕێکخراوە ناحکومیەکان ، نەخۆشخانەکان و کەسایەتیەکان ، بۆ یەکلاییکردنەوەی کەیسە هەڵپەسێردراوەکان .

2 - بودجە : پێویستە وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی فیدراڵی و وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێم ، بەهەماهەنگی لەگەڵ یەکتر ، پابەندبن بەچارەسەرکردنی کێشەی کەمیی بودجە ، بەتایبەتی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییە درێژخایەنەکان .

سیستەمی چاودێریی تەندروستی لەهەرێمی کوردستان ، پێویستیی بەکۆمەک و پشتگیریی بەپەلەی وەزارەتی تەندروستیی بەغدایە لەڕوی دەرمان و داراییەوە ، بەتایبەتی بەهۆی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکی  موسڵ و سەڵاحەدین و ئەنبارەوە  لەنەخۆشخانە پلە سێیەکانیدا .

3 - پەروەردە : بەشداربوانی کۆبونەوەکە جەختیان کردەوە لەسەر بایەخ و گرنگیی کارکردن لەگەڵ ناوەندە پزیشکییە فێرکاریەکان لەکوردستان و تەواوی عێراق .

بۆ نموونە : دانانی مەنهەجی conflict medicine  لەکۆلیجی پزیشکیی زانکۆی سلێمانی ، دەتوانێت زۆر یارمەتیدەربێت لەپەروەردەکردنی نەوەی داهاتو لەپزیشکانی بواری پسپۆڕییە گشتیەکان .

پەیمانگەی توێژینەوە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان لەهەوڵی بەردەوامدایە بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی ئەم بابەتانە.

بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەم پرۆژەیە ، تکایە پەیوەندی بکەن بە (ماک سکێلتۆن) ەوە :
mac.skelton@auis.edu.krd

بۆ بینینی هەموو ڕاپۆرتەکە، تکایە سەردانی ئەم لینکەی لای خوارەوە بکەن:
http://auis.edu.krd/iris/publications/war-health-refugees-iraq-stakeholder-meeting-report